# باسێک لە سەر پرۆستات / The prostate


گولاڵە پشدەری
Qualified Nurse




## بەشی یەکەم:

* کارکردنی پرۆستات
* نەخۆشییەکانی پرۆستات:
1- التهابی پرۆستات Prostatitis
2- ئازاری پرۆستات Prostatodynie
3- گەورەبوونی پرۆستات Benign prostatic hypertrofy
4- شێرپەنجەی پرۆستات Prostate cancer
* پووختە

## بەشی دووەم:

* شێوەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە
* سەردانی پزیشکی پسپۆر Uroloog
توێژینەوەکان:
1- پرسیار لە بارەی میزکردن
2- پشکنین لە ڕێگای کۆم Rectal toucher
3- پشکنینی خوێن و میز boold&urine
4- پێوانی هێزی میز(چەندە بە گوڕ دێت) Uroflowmetrie
5- پشکنینی پەستان و کارکردنی میزڵدان و بۆری میز(میزدۆش): Urodynamic
6- بە ڕێگای سۆنۆگرافی ( Echo) Medical ultrasonography
7- بە ڕێگای سەیرکردن Cystoscopy
8- پارچە هەڵگرتن Biopsy
9- سکەن کردنی ئێسکەکان Bonscan
10- سکەنی بەشبەش CT-scan
11- سکەن بە ئامێری موقناتیزی MRI-scen

## بەشی سێیەم:

* چارەسەری پرۆستاتی گەورەبوو Prostate hypertrophy
بە ڕێگای دەرمان
بە ڕێگای نەشتەرگەری
TURP -1
Open prostatectomye- 2
3- پێش نەشتەرگەری
4- دوای نەشتەرگەری
5- ماوەی چاکبوونەوە

6- پێشبینی کردن دوای نەشتەرگەری
* زانستی نوێ و شێوازی چارەسەری بە ڕێگای:
Thermotherapy
lasertherapy

## بەشی چوارەم:

*چار چیە ئەگەر پرۆستات تووشی شێرپەنجە بووبێ؟
چاوەڕوان بوون/کردن
نەشتەرگەری
1-هەڵگرتنی پرۆستات لە بنەڕەتەوە Radical prostatectomy
1- پێش نەشتەرگەری
2- دوای نەشتەرگەری
3- ماوەی چاکبوونەوە
* چارەسەری بە هەندێک جۆر تیشک (فۆتۆن/ئێلێکترۆن) Radiotherapy
1- تیشکلێدان لە ناوەوەڕا
2- تیشک لێدان لە دەرەوەڕا

*کاریگەری کردن بە ڕێگای هۆرمۆنەکان
1- نەشتەرگەری
2- دەرمان: hormontherapie
3- تێکەڵاو Combination therapy


دەرمان: Chemotherapie

ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە کە پەیوەستن بە کێشەی میزکردن
شێوەی خۆراک و ژیان
وتە هەڵەکان/گووایەکان
سەرچاوەکان

ناوەرۆک:
هەر پیاوێک پرۆستاتی هەیە؛ درەنگ یان زوو ئەوە هەندێک کێشەی بۆ درووست دەکات.
پرۆستات گەلەندێکە(غودە)،کە لە نێرینەی پێگەیشتوودا نابێ گەورەتر بێ لە گوێزێک و 10-15 گرام کێشییەتی.
ئەم غودەیە پێکهاتووە لە سێبەش،کە خۆی بە دەوری میزدۆشدا(Urethra ) و لە ژێر میزڵدانداندا جێگا داوە.
میزدۆش یان بۆری میز لە میزڵدانەوە تا کۆتایی ئۆرگانی جنسی پیاو دەڕوات.

لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە کە میزدۆش(Urethra ) بە ناو پرۆستاتدا دەڕوات. کە پیاو بەساڵداچوو(پیربوو)
پرۆستات گەورەتر دەبێت لە کێشی و شێوەی ئاسایی خۆی،ئەوەش دەرەنجامی گۆڕانکاری هۆرمۆنەکانە.
بەم هۆیەوە بەتاڵکردنی میزڵدان بە تەواوی ئەنجام نادرێت،چۆنکە دەروازەی میزڵدان و یان پرۆستات بەرگری دەکەن(پاڵ بە یەکترەوە دەنێن).
ئەوەش کاتێک هەست دەکرێت کە ئیتر میزکردن بە شێوەیەکی ئائاسایی و بە سەختی ئەنجام بدرێت و هەندێک لەم کێشانەی خوارەوە تووشی مرۆڤ دەبن.

- هێزی میزکردن کەمترە و هەندێکجار دەبڕێت/دەپچڕێت( پەستان لێکردن بۆ میز هێنان بێ سوودە)؛
- نەتوانین بە باشی دە ستتپێکەی بە میز کردن؛
- زوو زوو هەستکردن بە هاتنی و زوو زوو میز کردن؛
- چەندجار(زووزوو) میز کردن لە گەڵ هەستی کەمتر بۆ میز و ڕێژەی میز کەمتر بوونەوە؛
- چۆڕکە میزە/چرکە میزە(دوای میزکردن دڵۆپەدڵۆپە) کە لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ دا نەمێنێ؛
- شەوان میزکردن
- لە کاتێ میزکردن هەست بە سووتانەوە کردن
- دوای میزکردن هەستی ئەوە هەبێ کە میزڵدان خاڵی/بەتاڵ نەبووە.




کار یان ڕۆڵی پرۆستات
پرۆستات غودەیەکە کە وەکو غودەکانی تری جەستە، کە مادەی شلە بۆ لەشی مرۆڤ بەرهەم دێنێت.


**پرۆستات ئەو مادە شلەی بەرهەم دێنێت کە،لە کاتێ بەرهەڵدابوونی توخم(تۆو)،لە گەڵ خانەکانی توخم دێتە دەرەوە( Spermatozoid).**
**پرۆستات گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بۆ کاری زایەندەیی،نەک بۆ سێکس.**
**تەڕایی/ شلەی پرۆستات خانەکانی توخم زیندوو ڕادەگرێت لە کاتێ خۆگواستنەوەیان بەراو خانەی هێلکەوە.**
**خانەکانی توخم لە ناو کیسەکانی توخمدا(گون) Testicle بەرهەم دێن.**
**هۆرمۆنەکان کاریگەرن لە سەر: گەشەساندنی پرۆستات،بەرهەم هێنانی شلەی پرۆستات و هەرواها بەرهەم هێنانی خانەکانی توخم.**

**گۆڕانکارییەکان لە پرۆستاتدا / یان نەخۆشییەکانی پرۆستات**

ئەم نەخۆشییانەی پرۆستات کە لە خوارەوە ئامازەیان پێ دەکرێت ئەبن بە هۆکاری کێشە و ئازار.
بۆ دۆزینەوەی جۆری نەخۆشی پرۆستات،ئەبێ پزیشک هەندێک لێکۆڵینەوە و پشکنین ئەنجام بدات و دەستنیشانی نەخۆشییەکە بکات ،ئەوسا ئەتوانێ دەست بە چارەسەری بکات.

التهابی پرۆستات Prostatitis

التهابی پرۆستات کە جۆرێک هەوکردنە ،کە لە هەر تەمەنێک دا ڕووی ئەدات.
بە هۆی التاب/هەوکردنی شانەکانی پرۆستات تووشی ئاوسان ئەبێت،کە دەرەنجام بۆڕی میز(میزدۆش) بە هۆی پەستان تا ڕادەیەک دادەخرێت. ئینجا میزکردن بە سەختی دێت و زۆر جاریش بە ئازارە. هەروەها هەستی ئازارێکی سووتانەوە لە شوێنی گون و کۆمدا رووی ئەدات.
بەرهەڵبوونی توخم(تۆو)یان فرێدانی شەهوەت هەندێکجار لەوانەیە هۆکاری ئازاری هەندێک بەش لە جەستە بێت وەکو ناوڕان و بەشی ژێرەوەی جەستە. میزکردن لەوانەیە هەندێکجار بە سووتانەوە بێت .بۆ زانینی هۆکارەکە و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو باکتریایەی کە التهابی درووست کردووە، لێرەدا پشکنین /کشت (زەرعی) لە سەر توخم دەکرێت لە تاقیگەدا.
ئینجا پزیشکی پسپۆر The Uroloog دەرمانی Anti-biotica دژە بەم جۆرە باکتریایەی کە دۆزراوەتەوە دەنووسێت.
ئەم چارە بە دەرمانە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکە کە ئەبێ بە تەواوی و ڕێکوپێکی بەکار بهێندرێت.
ئەنجام یان چاکبوونەوە دوای تەواوبوونی بەکارهێنانی دەرمانەکان دیار دەکات.
لەم شکڵەی خوارەوەدا ئەبینین کە پرۆستات هەوی کردووە و سوور بۆتەوە.



ئازاری پرۆستات Prostatodynie

لە کێشەی ئازاری پرۆستاتدا دا  ئازارەکە لە نێوان گون و کۆتایی ڕیخۆڵەی گەورە کە لە کۆم زۆر نزیکە هەست پێ دەکرێت،کە ئەم ئازارە خۆی دەگەیەنێتە نێو ڕانەکان و ئۆرگانی سێکسی.

ئەم ئازارە بە شێوەکانی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت وەکو ئازاری سووتانەوە،موچڕکە،کوتان ،ترشان یان ئازاری تییژ(گەزیو).هەندیک جار کێشەی میز کردن ڕووی ئەدات.ئەم کێشانە بەردەوام نین،بەڵام خۆیان وەک بە بەرزی و نزمی پێشان ئەدەن(جارجار هەن و جارجار وون).

ئازار بە تایبەتی لە کاتێ سەرما، گرژی(نالەباری دەروونی)،تووڕەیی،پەرێشانی،بەکارهێنانی خواردنەوەکانی ئەلکوحوڵی،بەهارات و گژوگیای توند و تیژ و بۆ ماوەی دوور ودرێژ دانیشتن پەیدا دەبێت.

لە حالەتی ئازاری پرۆستات دا پرۆستات بە هۆی باکتریا تووشی هەو نەبووە بەڵکو التهابی کردووە یان ئاوساوە.


پیاوانی تەمەن نێوان 35-50 زیاتر ئەم گرفتەیان تووش دەبێت تا  لە گەنجان یان خوود پیاوانی بە ساڵاچووەکان،بەڵام ئەم گرفتە ئەگەری هەیە لە گشی تەمەنێکدا ڕووی بدات.

نەخۆشی ئازاری پرۆستات لە گۆشەی تەندرووستییەوە بە کێشەیەکی قووڵ بەراوورد ئەکرێت.ئەم کێشەیە قۆناغی ئامادەیی بۆ تووشبوونی شێرپەنجە نییە، وەکو هەندێک پیاو واها بیری لێ دەکەنەوە.

ئەم نەخۆشییە مەترسی ژیانی لە سەر نییە بەڵام زۆر بە کێشەیە. هەندێکجار مرۆڤ ئەتوانێت بە باشی مامەڵە لە گەڵ گرفتەکەدا بکات دوای ڕاوێژ لە گەڵ پزیشکی پسپۆردا و لێکۆڵینەوەی لەبارەی هۆکارەکان و هەنگاو بۆ چارەسەرییان.بۆ نموونە هۆکارێکی کە بە شێوەیەکی گشتی دابەزینی سیستێمی بەرگری جەستەی مرۆڤ و لاوازبوونی،گرژی و ئاڵۆزی دەروونی......

هەندێک جار حەمامێکی گەرم(ناو  بانیۆ) و پشوودان(ئیسراحەت) ئەبن بە هۆی کەمتربوونەوەی ئەم ئازارە

لەم شکڵەی خوارەوەدا ئەبینین کام شوێنانە بەر هێرشی ئازار دەکەون



Benign prostatic hypertrophy

گەورەبوونی پرۆستات

پرۆستات ی گەنجان بچووکە بەڵام بە تێپەڕبوونی تەمەن ئەوە گەورەتر دەبێت. ئەم پرۆسەیە دوای تەمەنی 50ساڵی ڕووی ئەدات کە پرۆستات واها گەورە بێت و کێشە/گرفتی" نەتوانینی خاڵی/بەتاڵکردنی" میزڵدان درووست بکات.

تا چ ڕادەیەک پرۆستات گەورە دەبێت ئەوە لە کەسێکەوە تا کەسێکی تر جیاوازە.

لە زۆر پیاواندا قەبارەی ( volume ) زیاد ئەکات.

لە هەندیکیشیاندا کشان یان پەستان لە ناو پرۆستات دا زیاتر ئەبێت.بەڵام مەرج نییە بەم هۆیەوە هەر پیاوێک ئازاری هەبێت.

هۆکاری تووشبوون بەم نەخۆشییە بریتییە لە بەرزبوونەوەی تەمەن و گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکانی جەستەی مرۆڤدا.

پرۆستات بە دوو شێوە زیاد ئەکات/قەبارەی گەورە ئەبێت ،لە دەرەوە یان لە ناوەوە،ئینجا خۆی بە توندی بە دەوری بۆڕی میزدا دەبەستێت و ئەم بۆڕییە تەسک دەکاتەوە.

ئینجا کە بۆڕی میز (ڕێگای میز) باریک بۆیەوە،گرفتی میزکردن درووست ئەبێت،چۆنکە ماسوولکەی میزڵدان ئەبێت زیاتر کار بکات و پەستانی لە سەر پەیدا ئەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت میز بە ناو ئەم بۆڕییە تەسکەدا فڕێداتە دەرەوە.


دەرەنجامی ئەم زیادە پەستانە دیواری میزڵدان لاوازتر ئەبێت و دەشبێت کە لە یەکترا ڕاکێشرێت.

دوای تێپەڕبوونی زەمان /کات میزڵدان ناتوانێت خۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت میز بە تەواوی فڕێداتە دەرەوە،ئینجا ڕێژەیەک میز لە میزڵداندا دەمێنێتەوە.

ئەگەر چارەسەری ئەم کێشەیە نەکرێت،ئەوە کێشەی هەوکردنی میزڵدان و گورچیلەکان ڕووی ئەدات.

وێنەی خوارەوە نیشان ئەدات پرۆستاتی ساغ (خەتەکانی سوور) و پرۆستاتی گەورەبوو.

(لەم شکڵەی خوارەوەدا ئەیبینن کە پرۆستات لە قەبارەی ئاسایی خۆی گەورەتر بووە)



Prostate cancer

شێرپەنجەی پرۆستات

**کوورتە و پووختەیەک لە بارەی شێرپەنجە**

**شێرپەنجە(Cancer ) چییە؟**

جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە چەندین ملیارد خانە. خانەکان دابەش دەبن،ئەوان کۆپی لە خۆیان درووست دەکەن.

ئاوا مرۆڤ (منداڵ) گەورە دەبێت.هەروەها لە مرۆڤی پێگەیشتوو(گەنج) ، گەورە ش دا خانەکانی دابەش دەبن.

ئەم کردەوەیە پێویستە،چۆنکە خانەکان تەمەنییان کوورتە و دەمرن.هەموو نەرمکەیەک/شانەیەک خۆی نوێ دەکاتەوە.بەم شێوەیە برینەکان چاک ئەبنەوە و دەرنەجامی ئەوەیە ئێمەی مرۆڤ تەندرووستیمان پایەدار دەبێت.

بەڵام جاری وایە ئەم دابەشبوونەی ئاسایی تێک دەچێت.لێرەدا گرێ پەیدا دەبێت.ئەم گرێیانەی کە ناتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ شانەکانی تر و لە وێدا بتەننەوە یان بڵاو بێتەوە = Metastasering، پێیان ئەڵێین گرێی باش/بێزیان(Benign ).ئەمانە هەندێکجار لە سەر ڕێگان و ئەبن بە هۆکاری ئازار(پەستان لە سەر ئۆرگانێک دەکەن).ئینجا ئەبێ لە ڕێگای نەشتەرگەرییەوە لابردێن.

بۆ نموونە بالۆک(بالووکە) Wrat کە گرییەکی بێزیانە، کە درووست ئەبێت.

ئەو گرێیانەی کە ئەتوانن خۆیان بگوازنەوە بۆ ناو شانەکانی تر"هێرش بەکەنە سەر شانەکانی تر" پێی ئەڵێن گرێی هار/ زیانمەند Maligne or Cancer (شێرپەنجە).

ئەم شێرپەنجەیە ئەتوانیت خۆی بڵاو بکاتەوە لە جەستەدا( Metastase ).

بە گوێرەی ئەم شوێنەی کە لە سەرەتادا شێرپەنجەی لێ درووست بووە ، ناوی بۆ دەستنیشان دەکرێت.


شێرپەنجەی پرۆستات ئەتوانێ  خۆی بە ڕێگای شلەی  ناو لووەکانی جەستە یان خوێن بۆ نموونە ناو غودەکانی لەمفاوی  (  lymph node )،ئێسکەکان( Bones ) و سییەکان( Lung ) بگوازێتەوە.

Prostate  cancer

لێرەدا زیاتر ، غوودەیەکی زیانمەند لە دەوری پرۆستات درووست ئەبێت و کەمتر لە شانەی پرۆستاتدا کە یەکسەر بێت بەدەوری بۆڕی میزدا.

ئەم نەخۆشییەی پرۆستات پێی ئەڵێن  Prostate Cancer / Prostate Carcinoom واتا شێرپەنجەی پرۆستات، کە وورده وورده گەوره ئەبێت. ئەم جۆره شێرپەنجەیە لە گەنجاندا زۆر بە کەمی پێش دێت.

لەم شکڵەدا ئەیبینین کە پرۆستاتی تووشبوو بە شێرپەنچە چۆن دیاره



پووختە

کێشەکانی میزکردن ئەگەری ئەوەیان هەیە کە پەیدابوونی هەوکردنی پرۆستات Prostatitis ، یان ئازاری پرۆستات

Prostatodynie ،یان گەورەبوونی قەبارەی پرۆستات  Prostatehypertophy وه یان شێرپەنجەی پرۆستات  Prostatecarcinoom بێت.

کێشەکانی پرۆستات لە تەمەنی بەساڵاچوواندا زیاتر دێتە پێش.

مرۆڤ ئەبێ ئەوەش بزانیت کە لێرەدا هۆی زیاتر هەن بۆ گرفتی میزکردن وەکو تەسکبوونەوەی ڕێگای میز وه یان بەردی میزڵدان،.....

پزیشکی پسپۆر The Uroloog  ئەتوانێت بە پشکنین هۆکارەکانی کێشەکەت  دەستنیشان بکات.